کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-7-2007 23:57بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## عەبدوللەتیف ڕابەری بەشێکی سەلەفیەکان، شۆڕشگێڕو تیرۆریست دەخاتە یەک لیستەوە.. !! کۆنە قوتابییەکی عەبدوللەتیف

بەڕێز مامۆستا عەبدوللەتیف لەوتارێکیدا بۆ گۆڕینی ئاراستەی (دعوە) ەکەی کە لەم سایتە بەڕێزە بەر لە چەند رۆژێك بڵاوکراوەتەوە دەیهەوێت باس لەسیاسەت بکات و ئیسلام بەدەر لەو ململانێیە دەچوێنێت کە هەر لەسەرەتای دروستبوونی کۆمەڵەی سەرەتاییەوە وجودی هەبووە و کۆمەڵەکان لەهەر کوێیەك بووبن بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئەو پانتاییەی کە کۆمەڵەکەی تێدا دەگوزەرێ کەسانی لێهاتوو لەهەوڵی گرتنە دەستی جڵەوی بەڕێوەبردنی بوون.. دیارە کە دوای ئەوەی عەرەبەکانیش گەیشتنە ئەو بڕوایەی پێویستییان بە ڕێکخستن هەیە تاوەکو لەو ژیانە پڕ پەتییە رزگارییان بێت کە تاوەك ئێستاش وەکو بەشێك کولتوور بۆیان ماوەتەوە..

هێدی هێدی لەگەڵ گۆڕان و پیشوەچوونەکانی جیهانی دەرەوەی، عەرەبی ئیسلام وەکو سیستمێکی تۆکمە بۆ باشتر بەڕێوەبردنی خودی عەرەب هاتە ئاراوە.. تێنەگەیشتنی عەرەب بۆ سیتمی نوێ و سەردەمی، زوڵم و زۆریشی لە هەناوی خۆیدا وەبەر هێنا.. خودی ئەو وەبەرهێنانە بەردەوامبوو تا بە زەبری شمشێر زۆرێك لە گەلانی ناوچەکەشیان هێنایە ژێر رکێفی خۆیان.. ئەوەی کە ململانێی لەگەڵ ئیسلامدا کردبا وەکو ئەوەی هەورامی یەکان کە تاوەك دوای روخان و کۆنترۆڵی دەوڵەتی ساسانەکان تەسلیم بە ئیرادەی ئیسلام و عومەر نەبوون.. !! ئەوا شمشێر رۆڵی یەکلایی کردنەوەی لە تەسلیم بوون بەئیرادەی عەرەب ئاسان تر دەکرد.

ئەگەرچی باسی من تەنها وەڵامێکی کورتە بۆ ئەو بەڕێزە کە وەکو بەسادەیی خۆی پێی وایە و گوایە (ئیسلام، بریتی نییە لە ململانێ کردن لەگەڵ کاربەدەستان لەسەر کورسی حوکم و دەسەڵات) ، باشە ئەگەر ئەم ناونیشانە زۆر ناشییانەی بەڕێزت راستە.. ئەی ئەو هەموو جیهاد لە پێناوی (بەناوی خودا) لەپای چی؟ ئەی هەروەك ئەوەی ئەرکی تۆو هاوشێوەکانت و (ئەمیرولموئمنین) ەکانت لەکۆن و ئێستادا گۆشکردنی خەڵکی سادەو ساوێلکە نەبووە تاوەکو لەپێناوی گەیشتن بەکورسی حوکم.. حوکمی خەلافەت؟! ئەی سیاسەت و ململانێی عەرەب نییە ئیسلامی وەکو چەکێکی کوشندە بەرانبەر بە دنیای پێشکەوتن خستووەتەگەڕ؟ ئەی تەنها عەرەبی ئیسلام بەتایبەت سوننە مەزهەب و لەنێو ئەوانیش سەلەفییەکان نیین ناهێڵن عێراقییەکان بۆ ساتێکیش ئاسودە بن.. !! ئەی هەر سەلەفی بەناو ساڵح نییە لەرێگەی قوتابخانە نهێنییەکانییەوە تەنهاو تەنها رۆڵی خەڵەتێنەر دەبینێت و کوڕی فەقیر دەکات بە قوربانی سیاسەتی چەپەڵ و کۆنەپەرستانەی خۆی؟!!

کاکی برا کاتێك تۆ باس لەیاسایەك دەکەیت کە دادپەروەرانە بێت هەڵبەت بەمەفهومی خۆت و ئەو دینەی لەسەری دەڕۆیت ئەو دادپەروەریەیە کە جگە لە ملکەچ بوون بۆی شتێکی دیکە بۆ مرۆڤ و بەهاو خواست و ئازادییەکانی ناهێڵێتەوە، هەربۆیە ئەوەی تۆ باسی لێوە دەکەیت زۆر کۆنەو بەدرێژایی مێژووی ئیسلام و بەزۆر بە ئیسلام کردنی کورد وەکو بنێشتە خۆشەی سەر زارانی لێهاتووە.. !! زۆر روونیشە گەشەی ئەقڵی مرۆڤە وەکو کائینێکی سیاسی بەپێی تایبەتمەندییەکانی یاسای بۆ ژیانی خۆی داناوە و.. رێز لە ئیرادەو بەهاکانی و خواستەکانی و راو رای جیاواز دەگرێت.

دکتۆرێك و پسپۆڕێتی ئەو و چۆنێتی چارەسەرکردنی کە بەرەنجامی هەوڵ و ماندووبوونی مرۆڤ خۆیی و کۆششی ئەو بووە لەپێناو ژیانێکی باشتر، بەراوردکردنی بەو شەرعەی کە تا ئێستایشی لەگەڵ بێت لەبری دانان بەو واقیعەی کە دکتۆرێك لەرێگەی زانست و زانیارییەوە پێی گەییوە بە دەستەبەر بوونی هەموو ئەو ئامێرە پێشکەوتووەی بەبێ شەرعی دەزانن، کەچی دوعاو نوشتەو لێدان و هەڵواسین بە ئەلتەرناتیفی هەموو ئەوانە دەزانن.. !! برالە ئێوە تا هەنوکەش tv بە ئامێرێك دەزانن کە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مرۆڤایەتی پێ گوناهبار دەکرێت، چونکە شارستانییەتی وڵاتانی جیهان بەیکتری دەناسێ و لە یەکتری نزیکیان دەکاتەوە.. بێگومان ئەمەش بۆ بەرتەسك بوونەوەی ئیسلام ڕۆڵ دەگێڕێ.

مامۆستای بەڕێز جارێ بۆ ئەوەی چیدی نەکەویتە هەڵەی وا زەق و بەو نەفامییەت و هیچ نەزانینەت لەسیاسەت و ململانێی ناو سیاسەت هیچ وەخت ناشێت تۆیەك شۆڕشگێڕ بخەیتە خانەی ڕێکخراوی تیرۆریستانەوە کە هەر دەم لەدژی جەنگاوە.. !! شۆڕشگێڕ عیلمانی بێت یاخود نەتەوەیی.

من نامەوێت پاساوان بۆ سەرکردەو سەرۆکەکانی ئێستا بەتایبەت کوردی بهێنمەوە کەڕێك قسەی تۆ ئاراستەی ئەوانە، بەڵام دەبێت باش بزانیت نەزانراوە خەلیفەیەکی ئیسلام هەبووبێت لە لایەنی بەدڕەوشتی، بەڕێوەبردنێکی سەقەت، سەرکوتکردن، پێشلی مافەکانی مرۆڤ، زیندە بەچاڵکردن هتد.. درێخی کردبێت. ! کەواتە برای موسوڵمان ئەوانەی ئێستا لە کوردستان ڕابەرایەتی دەکەن خوڵقێنەری ئەو فەزایەن تۆیەکی بەناو شوێنگرەوەی پێغەمبەر بە ئارەزووی خۆت قسان دەردەفرتێنی و دژی ئەوانیش و یاساش وەستاویت و مەترسییەکیش چاوەڕوانت ناکات.. !!

بەهەرحاڵ دەمەوێت وەکو ئەوەی ئیدعای سەلەفییەت دەکەیت و جگە لەو شەرعە بێ هاوتایەی خۆت شتێکی دیکە نەك بەدروست نازانیت بەڵکە بە کافرو مولحیدو موشریك و هتد.. ، ناویان دەبەیت ئەم دەعوەیەت لەپێناوی چی؟ ئەگەر وەڵامیشت هەر ئەو بۆچوونەت بێت کە خستووتەڕوو ئەوا دەکرێت لەخۆتەوە دەست پێ بکەیت و نەدەبوایە قبوڵ بفەرمووی خۆت گوتەنی براکەت لە حزبێکی عیلمانی و کە سەرۆکێکی کافرو یاساکەشی (تاغوت) ئاسا حوکم دەکات.. !!!!!

ئێ خۆ ئەگەر لەبەرانبەر دزییەك بڕی (30000) هەزاری بریمەر بێت ئەوا براکەی تۆ لە ئەوقافی ڕانیە دوور نییە وەکو هەر بەرپرسێکی دی مانگانە دەیان و بگرە سەدان ئەو بڕە پارەیە دەدزێت.. بۆیە دەمەوێت وەبیرت بهێنمەوە هەر کاتێك تۆ توانایی ئەوەت هەبوو شەرعی خوا بەسەر ئەو دزە گەورەیە فەرز کەیت ئەوا دروستەو ئەو حەققەت پێ دەدرێت ڕێنمایی خەڵکی بکەیت و شەرعەکەشت بخەیتە سەرووی یاساکانەوە کە قیمەت و ئازادییەکانی ئینسانی تێدا پارێزراوە.. !! بەڵام هێندەی من بیزانم شەیتانەکان ئەوانەن، فاسق و دوو ڕووەکان ئەوانەن خیانەت بەدین و خواکەشیان دەکەن و بە قسەی لوس و سیاسەتی فێڵبازێنەیان خەڵکی چەواشە دەکەن و.. هەر شتێکیش بۆ خۆیان بەڕەوا دەزانن.. !!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.